# وانەی ١:  ڕزگاربوونی

**(هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.)**

**١.**  لە نوێژ بۆ خودا دەست پێ بکەن:  ستایش، شکۆپێدان، سوپاسی خوا کردن، خواپەرستن، داواکردنی بۆ ئامۆژگاری دەربارەی ئەم وانەکە.

**٢.**  گۆرانی نوێ فێری بکەن.

*ئاشتی خوازم*

مــن هــەر ئاشــتیم ئــەوێ، خۆشــەویســتیم ئــەوێ
بــێ تــۆ ســـەرناکــەوێ، بە تـەنیـــا تـــۆم ئـەوێ

**ئاشــتی خــوازم بە تـەنیــا تــۆم ئـەوێ، بە هیــوا و ئــاواتم دڵــم هـەر تــۆی ئـەوێ**

مــن ڕوونــاکیم ئــەوێ، مــن ســەربەســتیم ئــەوێ
بــێ تــۆ ســـەرناکــەوێ، بە تـەنیـــا تـــۆم ئـەوێ

مــن مــزگێنیم ئــەوێ، مــن ڕۆحــی تــۆم ئــەوێ
بــێ تــۆ ســـەرناکــەوێ، بە تـەنیـــا تـــۆم ئـەوێ

**٣.**  لە گۆرانی ڕابوردوو بیربکەنەوە.

**٤.**  لە بەندی ڕابوردوو بیربکەنەوە.

**٥.**  لە وانەی ڕابوردوو بیربکەنەوە.  ئایە بەرپرسیاری ڕابوردوون دەکرد؟

**٦.**   کیتابی پیرۆزی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە.

١ کۆرنسۆس **١٥: ١-٥** [١] ئەی خوشک و برایانم، ئینجیلتان بیر دەخەمەوە کە موژدەکەم پێ بەخشین، ئەوەی وەرتانگرت و تا ئێستا لەسەری چەسپاون. [٢] بە هۆی ئەم ئینجیلە ئێوە ڕزگارتان دەبێت، ئەگەر دەستتان گرت بەو پەیامە کە پێم ڕاگەیاندن. ئەگینا بەخۆڕایی باوەڕتان هێناوە. [٣] چونکە ئەوەم پێدان کە یەکەمین و گرنگترینە و منیش وەرم گرتبوو: کەوا مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوەکان، [٤] ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستایەوە بەگوێرەی نووسراوەکان، [٥] ئینجا بۆ پەترۆس و دوایی بۆ دوازدە قوتابییەکەی دەرکەوت.

کرداری نێردراوان **١٧: ٢١-٣١** [٢١] لەبەر ئەوە هەموو ئەسینابییەکان و بێگانەکانی تێدا دەژیان، دەرفەتیان بۆ هیچ شتێک نەدەدا جگە لە باس یان بیستنی شتی نوێ. [٢٢] پۆڵۆس لەناوەڕاستی ئاریۆپاگۆس‌دا وەستا و وتی: (پیاوانی ئەسینا، دەبینم لە هەموو لایەکەوە زۆر دیندارن.

[23] کاتێ دەگەڕام و سەیری پەرستراوەکانتانم دەکرد، قوربانگایەکم بینی لەسەری نووسرا بوو: "بۆ خودای نەناسراو." جا ئەوەتان بۆ ڕادەگەیەنم کە دەیپەرستن و نایناسن.

[24] ئەو خودایەی جیهان و هەموو شتەکانی ناوی دروستکردووە، خوداوەندی ئاسمان و زەوییە و لە پەرستگای دەستکرد نیشتەجێ نابێت.
[25] بە دەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت وەک پێویستی بە شتێک بێت، چونکە ئەو بە خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێک دەداتە هەمووان.
[26] هەموو نەتەوەکانی لە یەکێک دروستکردووە، تاکو لەسەر هەموو ڕووی زەوی نیشتەجێ بن، کات و سنوورەکانی نیشتەجێبوونی ئەوانی
داناوە و دیاری کردووە، [27] تاکو بەدوای خودا بگەڕێن، بەڵکو بیگەنێ و بیدۆزنەوە، هەرچەندە لە هەر یەکێکمان دوور نییە. [28] "چونکە لەودا
دەژین و دەجووڵێین و هەین،" وەک هەندێک شاعیرانتان وتیان: "ئێمەش نەوەی ئەوین."

[29] بۆیە جا کە نەوەی خوداین، پێویستە بیرنەکەینەوە کە خودایەتی لە پەیکەری زێڕ یان زیو یان بەردینە، کە داهێنان و بیری مرۆڤ
شێوەی کێشاوە. [30] بۆیە سەردەمانی نەزانی چاوپۆشییان لێکراوە، ئێستا خودا فەرمان دەدات بۆ هەموو کەسێک و لە هەموو شوێنێک کە
تۆبە بکەن. [31] چونکە ڕۆژێکی داناوە تیایدا بەتەمایە بە دادپەروەری جیهان حوکم بدات، بە پیاوێک کە دیاری کردووە، بەڵگەشی بە
هەمووان داوە کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.)

ڕۆما ١٠: ٨-١٥ [8] بەڵام چی دەفەرمووێ؟ {وشەکە لێت نزیکە، لەسەر زمانتە و لە دڵت دایە}، ئەوەش وشەی باوەڕە کە ڕایدەگەیەنین.
[9] چونکە ئەگەر بە دەمت دانت پیانا عیسا خوداوەندە و بە دڵ باوەڕت کرد کە خودا لەناو مردووان هەڵیستاندەوە، ڕزگار دەبیت. [10] لەبەر
ئەوەی بە دڵ باوەڕهێنان ئەنجامەکەی بێتاوانبوونە، بە دەم دانپیانان ئەنجامەکەی ڕزگارییە. [11] وەک ئەوەی نووسراوەکە دەفەرمووێ:
{هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، شەرمەزار نابێت.} [12] چونکە جیاوازی لەنێوان جولەکە و یۆنانی نییە، لەبەر ئەوەی هەمان خوداوەندە بۆ
هەمووان، دەوڵەمەندە بۆ هەموو ئەوانەی لێی دەپاڕێنەوە. [13] چونکە {هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.} [14] ئیتر
چۆن لە یەکێک دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان پێی نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێک دەهێنن ئەگەر نەیانبیستبێت؟ چۆنیش بێ ڕاگەیەنەر
دەبیستن؟ [15] هەروەها چۆن ڕادەگەیێنن ئەگەر نەنێردرابن؟ وەک نووسراوە: {چەند جوانە پێیەکانی ئەوانەی مژدەی خۆشی دەدەن!}

بەرپرسیاری: پەیمانی ڕزگاربوونی هلوبەش بکە لەگەڵ کەسێکیتر دا.

٧. فێری بەندی نوێ بکەن.

ۆما ١٠: ١٣-١٤ [13] چونکە {هەر کەسێک بە ناوی خوداوەندەوە بپاڕێتەوە ڕزگاری دەبێت.} [14] ئیتر چۆن لە یەکێک دەپاڕێنەوە کە باوەڕیان
پێی نەهێنابێت؟ چۆن باوەڕ بە یەکێک دەهێنن ئەگەر نەیانبیستبێت؟ چۆنیش بێ ڕاگەیەنەر دەبیستن؟

٨. بیرکردنەوە لە گۆرانی نوێ: *ئاشتی خوازم*

٩. لە خوێندنەکە لەگەڵ داواکردنەکانی و ماوەیەکی نوێژ تەواو بکەن.

شەش وانەکانی لە کیتابی پیرۆز بۆ باوەردارانی نوێ
٢٠١٦

کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودرووستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org

New Testament Kurdish (Sorani)
Standard Version
Biblica 2011